# 6-1 ڕۆژی ووتنی( نا )بەژیانی منداڵان

کاتێک ئەم وێنەیەم گرت بیرم لەوە دەکردەوە کە بەبۆنەی ڕۆژی دایکەوە ووتارێکی لەسەر بنووسم ، لەو نووسینەدا باسی ڕۆژ ڕەشی و ژیانی پڕ لە نەهامەتی و کوولەمەرگی دایکان بکەم ، بەڵام کاتێک بەووردی سەرنجی وێنەکەمدا لەباوەشی دایکەکەدا منداڵێکی قوماتەکراوی چەند مانگانەم بینی ، کاتێک مناڵەکەم بینی لەدڵی خۆمدا ووتم چی لەوە ئینسانیترە پێش هەرکەسێک خەم و بێمافیەکانی منداڵان بکەینە هۆکاری نیشاندانی ناعەدالەتی ئەم دەسەڵاتدارانەی ئێستای کوردوستان ، ئەو ڕۆژەی ئەو وێنەیەی تێدا گیراوە یەکێکە لەو ڕۆژانەی لە کوردوستان لەسەرمانا تەنکی سەربان و بۆری بەلوعە ئەیبەست ، لەو ڕۆژەدا تەنها هۆکاری گەرم بوونەوەی ئەو مناڵە هەناسە پڕ خەم و ناسۆر و ڕۆژ ڕەشیەکەی دایکی بوو ، لە کوردوستان منداڵان تەنها هاوبەشی ( برسیەتی ، سەرما ، گەرما ، نەبوونی ، بێخانەولانەی ) خێزانەکانیان نین بەڵکو هاوبەشی ( سواڵ ) و پەیداکردنی نانی ڕۆژانەشیانن ، منداڵان هەر لە ( چوار ، پێنج ) مانگیەوە مۆری ( سواڵکەری و ژیان بەسەر بردن لە کۆڵان و بازاڕەکان) دەدرێت لە نێوچەوانیان ، کە سەیری مناڵەکەم ئەکرد لە باوەشی دایکیدا ، قسەیەکی زۆر فریودەرانەی دەسەڵاتدارانی کوردوستانم ئەهاتەوە بەیادا ، لە کوردوستان هەرکاتێک لاوان نارەزایەتی بکەن بۆ خواستەکانیان دەسەڵاتداران بەخێرای لەبری وەڵام بە داواکاریەکانیان پێیان دەڵێن ئاخر ئێوە خۆشتان پرۆژەتان نییە ، زۆر سەیرم لێهات لەبەر خۆمەوە ووتم تۆ بڵێی دەسەڵاتداران بە مناڵانیش بڵێن ئاخر بۆیە ژیانتان باش ناکەین چونکە ئێوە خۆشتان پرۆژەتان نییە ، قسە کردن لەسەر سەختی و گرانی ژیانی منداڵان لە کوردوستان بە جۆرێکە هەرگیز قابیلی وێنا کردن نییە ، نازانی لە کوێوە دەست پێ بکەیت ، نازانی کام ناخۆشی بەکام خۆشی قەرەبوو بکەیتەوە چونکە هەرگیز خۆشیان لێنابینیت ، لە ( خوێندنگا لێیاندەدەن و لە ترسا خۆیان دەکوژن ، لەبازاڕ کاریان پێدەکەن و دەست درێژی دەکەنە سەریان ، لەنێو کێشەی خێزانی و کۆمەڵایەتیدا دەیانکەنە بارمتەو ژیانیان لێدەسەننەوە ، سواڵیان پێدەکەن و کەسایەتیان دەشکێنن ، لەدەرەوەی ئیرادەو تێگەشتنی خۆیان بیروباوەڕی مەزهەبی و سیاسیان بەسەردا دەسەپێنن ) لە کوردوستان هیچ شتێک نییە بڵێت ئەمە مافی مناڵەو ئەمە یاسای پاراستنی حورمەتی منداڵانە ، لە کاتێکدا منداڵانی کوردوستان لەم دۆزەخەدا دەژێن ، هەر ئەم کوردوستانە بۆ ( سەرمایەدار و دەسەڵاتداران ) بۆتە هێلانەی خۆشبەختی و پێکەوەنانی سامان و هەڵلوشینی سەرچاوەی ژیانی خەڵک ، دەسەڵاتدارانی کوردوستان بەجۆرێک منداڵانیان خستۆتە پشتی کەنوی بێباکی دەسەڵاتەکەی خۆیانەوە ئینسان بەتەواوی هەست بەشەرمەزاری ئەکات ، هەموومان ڕۆژانە ئەیبینین کە چۆن دەیان منداڵی نەخۆش و پەکەوتە لەسەر سایت و ماڵپەڕەکان داوای هاوکاریان بۆ دەکەن و ئینساندۆستان و ئازادیخوازان ئاسانکاریان بۆ دەکەن ، بیهێنە بەرچاوی خۆتان ناوچەیەکی گەورەو فراوانی وەک ( هەڵەبجە )و دەووروبەری تەنها ( یەک دکتۆری منداڵانی ) هەیە ،( هەڵەبجەی ) دوای کیمیاباران کە هەتا ئێستاش (ساڵانە چەندین منداڵی کەمئەندام و نووقسانی لێدێتە دنیاوە ) ، دەسەڵاتدارانی کوردوستان هەمیشە بۆ چاوبەست و فریودانی خەڵکی کوردوستان باسی ئەوە دەکەن کە هۆکاری ئەم کەم و کوڕیانە ( نەبوونی داهات و سنوردار بوونی ئیمکانیاتی حکومەتە ) دەسەڵاتداران کاتێک ئەم قسانە دەکەن ، کاتێک کوردوستان وەک واقیعی بانێکەو دوو هەوا پێشان دەدەن ، ئینسان تووشی شۆک دەبێت و دەپرسێت باشە بۆ دەبێت منداڵان بەو شێوەیە بژین ؟ بۆچی ئەبێت منداڵان تەنها لەبەر ئەوەی تێربن ژیانیان لەناو بازگەو سەربازگاکان و ناو هێزی چەکداردا بەسەربەرن و لەبەشە خۆراکی ئەوان بخۆن ؟ لەکاتێکدا کوردوستان بۆ چەند کەسێکی کەم بۆتە مەیدانی بلۆک کردنی پارەو سەرمایەگوزاری ، بۆچی ئەبێت منداڵی ( چوار پێنج ) مانگی بەچلەی زستان لەباوەشی دایکدا سواڵ

بکات ؟ لەکاتێکدا بودجەی کوردوستان (شەش تریلۆن و حەوت سەدو حەفتاملیارو سێسەدو حەفتاونۆ ملیۆن و دووسەدو چل هەزار دینارە ) ( ڕۆژنامە ژمارە 205 ڕۆژی 23 / 4 / 2008 لاپەڕەی 15 ) ، کاتێک منداڵان هیچ سەرچاوەیەک بۆ ژیانیان دابین ناکراوە لەداهاتی کۆمەڵگا ، بەلام ( سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆک حکومەت تەنها موچەی مانگانەیان نۆ ملیۆن دینارە ) ، کاتێک دایکێک بۆ دابین کردنی ژیانی کولەمەرگی منداڵەکانی ناچارە زۆر بەشەرمەوە دەستەکانی بۆ خەرجیەکی کەم بەرز کاتەوە ، بەلام هەر لەولاوە تەنها سەرمایەدارێک زیاتر لە ( 7000 تا 8000 )کرێکار و کارمەندی هەیە ، ئەم ناعەدالەتیە سەرچاوەی کێشەو نەهامەتیەکانی ژیانە ، بۆ ئەوەی بتوانین ژیانێکی شایستەو ئینسانی بۆ کۆمەڵگا بەگشتی و منداڵان بەتایبەتی دەستەبەر بکەین ، هەوڵ و خەباتمان بۆ کۆمەڵگای ئازادو یەکسان دەبێت یەکبخەین و لەدەوری شیعاری ( یەکەم منداڵان کۆببینەوە ) بەرەو ژیانێکی ئارام و ئینسانی بۆ منداڵان

هیدایەت مەلا عەلی

hidayat_malaali@yahoo.com

2008 / 5 / 28

تێبینی ( مێژووی وێنەکە هەڵەیە ، وێنەکە لە سەرەتای مانگی یەکی 2008 گیراوە )